# ئەی

2005/11/24

ئەی باوەشی سۆزاوی گەڵاٚ وەریوەکان

کام باڵاٚی درەختە خەیاڵییەکان؟!

لە کوێی دڵە بێ چرپەکان خۆت ون کردوە؟

دڵۆپی ئەو چاوە بێ تروسکانەی

کە تاریکی بەندی کردوون!

عاشقی چۆڵەکە پاساری و پەپوولە باڵشکاوەکانی؟!

ئەی کەشتی بێ لەنگەری کەناری دڵم

کام ئاراستە بەرەو خۆی راپێچی کردی؟

تۆ لە لاشەی خنکاو ئەچی

بە هێزی هیچ ئاوێك ژێر ناکەوی!